# جەدەلی کەنار و سەنتەر لە مێژووی کورددا

## (سەردەمی فەرمانڕەویی بۆیهییەکان لە عێراق وەک نموونە (٣٣٤- ٤٤٧ک

دەروازە: مەبەست لە کەنار و سەنتەر

تەوەری یەکەم: کورد و کەنارگیری گرفتە ناوخۆییەکان

١- پەرتەوازەیی کورد

٢- خێڵەکی بوونی کورد

٣- باوەڕبەخۆنەبوونی کورد

تەوەری دووەم: هێزی سەنتەر بۆ بەکەنار کردنی کورد

١- هێزی سەربازی

٢- هێزی ئایینی

٣- هێزی کەلتوری

## دەروازە: مەبەست لە کەنار و سەنتەر

مەبەست لە کەنار و سەنتەر لە مێژووی کورددا، واتا پەیوەندی و پەیوەست بوونی کورد و خاکەکەی بەو هێزی و دەسەڵاتەی کە حکومڕانی ناوچە کوردنشینەکانی کردووە و بە بەشێك لە خاکی خۆی زانیوە. کەوتۆتە چوارچێوەی جوگرافی سیاسی ئەو هێزەی کە فەرمانرەوایی لە ناوچەکەدا کردووە و باڵادەست بووە تێیدا، کە ئەمەش رەگێکی قوڵی لە مێژووی کوردا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی سوپای موسوڵمانان و بەر لەوەی خاکی کورد ببێتە بەشێك لە پانتایی جوگرافی خیلافەی ئیسلامی.

تەوەرەی یەکەم: کورد و کەنارگیری و گرفتە ناوخۆییەکان

1. پەرتەوازەی کورد. یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی کورد بە درێژایی مێژوو تا ئەمڕۆش بریتیە لە پەرتەوازەیی و یەکنەگرتن و دژایەتی کردنی یەکتری و قبوڵنەکردنی ئەویتری هاونەتەوە و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی کەسی و ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندی گشتی، ئەم دیاردانە بە بۆچوونی ئێمە کاریگەری سەرەکی هەبووە کە کورد نەتوانێت ببێت بە هێزی دیار و کاریگەر لەسەر خاکی خۆی و پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات .

## ٢-خێڵەکی بوونی کورد

یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە بەدرێژایی مێژوو لەبەردەم پڕۆسەی سیاسی کورد ئامادەیی هەبووە، بریتی بووە لە خێڵەکی بوونی کورد، کە دابەشکاری کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنەمای خێڵ و هۆز و تیرە پێکهاتووە و بەردەوامی هەبووە لە حکومڕانی، خێڵگەریی لە کۆمەڵگەی کوردی ڕەگی قوڵی داکوتاوە بە جۆرێك کە باڵی بەسەر هەموو کایەکانی ژیان داکێشاوە بەتایبەتی لە ماوەکانی سەدەی ناوەڕاست، کە کورد و خێڵەکی دوانەیەکی هاوتەریبن و بەیەکەوە جیاکردنەوەیان کارێکی ئەستەمە لەسەرجەم کایەکانی ژیان و تەنانەت لە دونیای سیاسیش.

## ٣- باوەڕبەخۆنەبوونی کورد

کاتێك باس لە باوەڕبەخۆنەبوونی کورد دەکەین وەك گرێیەکی دەروونی کە کاریگەری تەواوی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و جولە و کردار و رەفتاری تاکی کورد کردیە چ لەسەر ئاستی گشتی خەڵك چ لەسەر ئاستی میر و دەسەڵاتداران بە شێوەیەك کە تێڕوانینیان بەرانبەر بەخود تێڕوانینێکی نەرێنی بووە بە تایبەتی لە کردەی سیاسی و گەیشتن بەوەی ئەوانی تر پێیگەیشتوون، لە کاتێکدا دەسکەوتی گەورە باوەڕبەخۆ بوونی گەورەی دەوێ و تەبایی گەورەی ناوخۆیی دەوێ، ئەمەش بوونی نەبووە لە ناوەندە سیاسی و حکومڕانی کوردی، کە خۆی لە میر و داردەستەکەی دەبینێتەوە.

تەوەری دووەم: هێزی سەنتەر بۆ بەکەنار کردنی کورد

١ - هێزی سەربازی یەکێکە لەو فاکتەرانەی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر مانەوەی کورد لە کەنارە .

٢ - هێزی ئایینی هاوبەشی ئاینی کەنارو سەنتەر کاریگەری هەبووە لەسەر کەنارکەوتنی کورد

٣ - هێزی کەلتوری بەنامۆ سەیرکردنی کورد لەلایەن ناوەندەوە فاکتەرێکی تر بوو .